# پارێزگایەکی عێراق بەهۆی باران بارینەوە سبەی پێنجشەممە کردە پشوو



ئەمە چوارشەممە ئەنجوومەنی پارێزگای بابل ڕایگەیاند، سبەی پێنجشەممە دەوامی فەرمی بە سەرجەم فەرمانگەکان جگە لە بەشی ئەمنی و خزمەتگوزاری ڕادەگیرێت.

ئەنجومەنەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا کە بە ئاژانسی هەواڵی ئەلموتەلی گەیشتووە ڕایگەیاند: "بەهۆی بارانبارینی زۆر و لێگەدان بە بەرەوبەرایەتییە خزمەتگوزاریەکان بە ڕاپەاندنی ئەرکەکانیان، ئەنجومەنی پارێزگای بابل بڕیاری داوە سبەی پێنجشەممە 11ی کانونی یەکەم دەوامی فەرمی بە سەرجەم بەشەکان ڕابگرێت، جگە لە بەشی ئاسایش و خزمەتگوزاری".